# بناء الذات ٣
# A

بسم ا للـه الرحمن الرحيم

بِسْمِ اللهِ الرَّحْمنِ الرَّحِيمِ( ١) الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ( ٢) الرَّحْمـنِ الرَّحِيمِ( ٣) مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ( ٤) إِيَّاكَ نَعْبُدُ وإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ( ٥) اهدِنَــــا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ( ٦) صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ( ٧)-سورةالفاتحة-

والصلاة والسلام على خير خلق محمدوعلى الـه وصحبه

السـلام علـيكم ورحمـة اللـه و بركاتـه، مـاددەی ئـەورۆمان لـە خزمـەتتان بـەحسـی وەسائیلەکانـە، ئـەو وەسائلانـەی کـە دەکرێ ببتـە ئـەداتی یا موەصیلی تـەغیر لـە داخلـی ئینسان، لـە دوو ماددەی پێشتر بـەحسی ئـەوەمان بوو کـە ئیرادەی خوای جل جلالـە دوونـی هـەموو مـەخلووقات فقط ئـەو ذەواتانـەیە، ئـەو ذەواتانـە نـە مـەقصود لـە ئیرادەی خوای بـەس دوونـی هـەموو مـەخلوقات، لۆیە گوتمان هیچ مـەخلوقـەك نییـە ماعـەدای (مرء) کـە لـە نـاو عاممە ناو نرایە بـە ئینسـان ریسالـەی لـە بۆ هـاتبی، ئـەو ذاتـەیە فقط ریسالاتی لـە بۆ هاتیە، ئـەمما هـەموو مـەخلوقات هـەموویان موسـەبیحن وەساجدن لـەبۆ رب العالمین بـەبێ ریسالە، ئیذەن ذاتـەکە مـەقصودە لـە ئادەمـەوە هـەتا ئـاخیر ئینسـان لـە سـەر وجود، (لـە لیقائی دووەم بـەحسی ئـەوەمان کرد مـەقصود) لـە ذات داخلـی ذاتـە کـەینێ داخلـی ذات تـەغیر بوو خارجیش تابعی ئـەو داخیلـەیە، کـەینێ داخلـی ئینسـان وفقـی ئیرادەی خـوای هات ئـەو وەختی باری تـەعالا دەکرێ ئیرادەی تـەشریعی بێتـە وجود، ئـەو وەختـی گوتمـان کـەلیمـەی تـەمکین (وَلَيُمَكِّنَنَّ لَهُمْ دِينَهُمُ الَّذِي ارْتَضَى لَهُمْ) **(النـور٥٥)** کـەلیمـەی تـەوریث کلمـەی بـەقاء تـەواجود خـەیطی کورەی ئـەرض، هـەمووی لـە دەست ئـەو ذاتـە موتـەغـەییرە دەبی کـە حـەدی ئـەدنای موئمنـە، لـە ئـەثنای ئیجادی ئـەو ئیمانـە صراعی داخـل کـە تـەقوا تـەولید دەبی تـەقوا ئیمان ئینتاج دەکا ئـەو وەختی تـەناغوم و تـەمازوج و تـەفاعول لـەگـەر کـەون دەکرێ، هـەتا نـەبتـە مؤمینی موتتـەصیف بـە عـەمـەلی صالح هیچ تـەغیرێکي پێ نـاکرێ لـە سـەر وجود، چونکی خۆی ئـەصلـەن تـەغیر نـەبووە.

لـەلیقائی ئـەورۆ لـە خزمـەتتان بـەحسی وەسـائیلی ئـەو تـەغیرە دەکـەین، بـاری تـەعالا بـەلوطف و کـەرەمی خۆی چ وەسائیلـەکی دایتـە ئـەو ذاتـە بـەواسطـەی ئـەو وەسائلانـە بتـانی داخلی تـەغیر بکا ئینسان، ئـەوەی ئینسان ئیحساسی پێ دەکا لـە بیئـە و وەسـەطی خۆی کـە کـەلیمـەی مـەخلوقی لـە سـەر ئیثپات دەبـی هـەمووی ئـایـاتن کوللـەن هـەموو ئـایـاتن، وەخۆشی جوزئـەکە لـەو ئایـەتانـە، خۆی ذات کـە بـاری تـەعالا مـەقصودی تـەغیری داخلـی ئـەو ذاتـەیە، جوملـەك وەسائیلی دایتـە ئـەو ذاتـەش ماددەتـەن لـە بـەدەنی خۆی ئـەوانیش ئـەسبابن لـە بۆ ئـەو تـەغیرە.

بـە موبـەستی (چاو وەگێ وە فوئـاد) ئـەو سێ طـەرەفـە وەسیلـەی یـەکـەمن کـە ئینسان دەکرێ ئیستقدامیان کا لـە بۆ تـە غیر، (چاو، گێ، فوئـاد) باری تـەعالا لـە قورئان کـە بـەحسی ئـەو سێ وەسیلـەیەی کردبـی یـەکـەمین بـەگێ دەستی پێ کردیـە (سمع) پاشـان (بصر) پاشـان (فؤاد) ، نـەیفـەرمووە (ئوذون- عـەین- قـەلب) وای نـەفـەرمووە (سمع- بصر- فـؤاد) ، عیلمـەن خۆی ئـەصلـەن گێیـە ئـەمما گێ جیهازەکـەیە هـەتا جیهازەکـە ئیش نـەکا نابتـە سمع، ئـەوە

جیهازە کەینێ ئیشی کرد دەبتە سەمع ئەوە چاوە عەینە کەینێ ئیشی کرد دەبتە بەصەر، سەمع و بەصەر ئیشی کرد تەئثیر لە سەر دخل دروست دەکا کەپێی دەگوترێ فوئاد.

جیهازی سەمع و بەصەر باری تەعالا لە سەر سەری ئینسان خەلق کردیە، کەللەسەر هەردوو جیهاز هەردوو وەسیلەی تێدا مەوجودە، سەریش مەربوطە بەعونوق بە مل ملیش سەدوهەشتا دەرەجە دەتانی حەرەکە بکا، وەکو جیهازی رادار کەینێ ئەو ذاتە ویستی حەرەکە بەو کەللە سەرە بکا یەمین ویەسار راست و چەپ بە مرونەت حەرەکە بکا، جیهازی گوێ بە سەدو هەشتا دەرەجە لای راست و سەدوهەشتا دەرەجە لای چەپ سێ سەدوشێست دەرەجە شت دەبیستی، چونکی هەردووك لەلا تەنیشتن جیهازەک لەلای ڕاستی سەری ئینسان جیهازی دووەم لەلای چەپەی سەری ئینسان لە حدودی دووهەزار هەتا بست هەزار ذەبذەبە ئیستعدادی وەرگرتنی صەوتی هەیە لە دوو هەزار هەتا بیست هەزار، کەینێ ئوذون بە مەشیئەی ذات ئیشی کرد دەبتە سەمع، ئوذون گوێ بەویستی داخلی ئینسان ئیشی کرد دەبتە سەمع بیستن، عیلاقەی هەیە بە داخل فوئاد، جیهازی دووەم عەین چاو دوو چاوە بەسەدو هەشتا دەرەجە دەبینی قودرەتی تەمیزی هەر لە ئەلوان سێ سەد هەزار لەون تەمییز دەکا فەصل دەکا لە یەکتری، سێ سەد هەزار ڕەنگ لێک جیا دەکاتەوە، بە دیققەت بە موجەسسەمی دەتانی تەصویری هەر لە قطەك بکا بیەوێ، کامیرە لە یەك ثانییە بیست و چوار لەقطە دروست دەکا ئەو لە کامیرەی مەصنوعی دەستی ئینسان زۆر دەقیق ترو عەجیب ترە ئیشی، چونکی بە موجەسسەمی رسم تەصویر دەکا، کەینێ عەین بە مەشیئەی ئینسان ئیشی کرد دەبتە بەصەر، ئیرتیباطی هەیە بە فوئاد (إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولـئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْؤُولاً (الإسراء ٣٦) ) هەموو قورئان باری تەعالا جل جلالە ئەوهای فەرمووە سەمع بەصەر فوئاد، دێینە سەر فوئاد فوئاد پێشی وی مەرحەلەك هەیە ناوی فیطرەیە، ئەویش جیهازەکە لە داخلی ئینسان لە ناو سینگی ئینسان جیهازەکە ئەصلی جیهازەکە فیطرەیە (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ (الروم٣٠)

لە یەك ئایەت باری تەعالا سێ شت رەبط دەکا بەیەك:

یەکەمین: فیطرە

دوومین: خەلق

سێیەمین: دین (دین القیم)

ئیذەن فیطرە مەخلوقە فیطرە هەیە مەخلوقە دینی قەییمی تێدایە، ئادەم فیطرەی سەداسەد بوو فیطرەی ئادەم سەداسەد بوو، لۆیە ئیحتیاجی بە پێغەمبەر نەبوو ئادەم موباشر باری تەعالا تەعلیمی کردبوو هەرکە چاوی کردەوە (أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ) البقرة٣٣

تەشبیهی فیطرە بکەین بە جیهازی دیسك کە لە ناو کۆمپیوتەر دادەنرێ یاخود شریتی تەسجیل کە لە ناو تەسجیل دادەنرێ، هەموو مەخلوقەك ناسیش تێیدا جوزئە هەمووی

فیطرەیـان هەیـە دیسکیان هەیـە، بـاری تـەعالا ئـەو دیسکەی تـەعلیم کردیـە، کـەینێ دیسکەکە شریتەکە لە ناو جیهازی کۆمپیەتەر یا تەسجیل داندرا دەست بە ئیش کردن دەکا، ماددەی یەکەمە مەختومە هیچ شەیطانەك هیچ نەوعك لە شەیاطین ئیشی لە سەر نـە کردیـە، کـەینێ ئیش لـە سـەر فیطرە کرا فیطرتـەحویل دەبـی لـە بـۆ فوئـاد، کـەینێ شـەیاطین تانیـان ئەثـەر لـە سـەر فیطرە دروست بکـەن بـە تۆز هاویشتنە سـەربەچلك و پیسـی هاویشتنە سەر ئـەو وەختـی فیطرە بـە فیطراتـی خۆی نـامینێ، بـە نـەقائی خۆی نـامینێ دەبتـە فوئـاد-حـدثنـاادم حـدثنـاابن أبـی ذئـب عـن الزهـري عـن أبـي سلمة بـن عبدالرحمن عن أبي هريرة- رضى الله عنه – قال النبى صلى الله عليه وسلم: (كل مولود يولد على الفيطرة، فابواه يهودانه اوينصرانه اويمجسانه) (بخاري) ئیذەن جیهازی یەکەم کە ئینسان دێتە سەر دونیا یەکەمین لەحـەظات فیطرەیە، لۆیـە کـەئیش دەکـا یـەکـەمین جیهازی سەمعە یەکەمین جیهازی ئینسان کەئیش دەکا بتـانی گێیتـی (گێی موتەکامیلـە طەبعەن هەموو جیهازی، یەکەمین جیهاز کە دەست دەکا بە ئیشکردن کە وەسیلە ئوذنـە دەبتە سەمع پێشی چاوی، هەر مەولودەك کەویلادەی دەبـی یەکـەمین جـار کـەئیش دەکا جیهازی سەمعی ئیش دەکا ئوذنە، لۆیە مندالْ هێشتا چـاوی نەبوویتـەوە قـەریبین کـە لـە باوەشێی دەکەن پشە پشەی لەگـەل دەکـەن ئـەو صـەوتەیە لـەدەوی (زاری) ئینسانـەکەی دەچێتـە نـاو گێـی مندڵـەکـەی، بەواسـطەی گێـی ئیحسـاس دەکـا کەشەخصـەك خـارجی مولاطەفەی لەگەل دەکا، هەر بەواسطەی سەمعی سەعاتی یەکەم و دووەم کە لـە باوشـێ دایکـی دا دەنـرێ کڕدەبـی مندلـەکـە، لۆیـە بـەو ئـەخیرەی یابـانیین، کـە ئیحساسیان کرد جیهازی سەمعی مندالە دایکی و غەیری دایکی لێك فەصل دەکا، هەستان بـەجیهازەکی دەقیق دەققاتی قەلبی داکیان تەسجیل کرد لە سەر کاسێتەکی دەقیق کـەینێ مندالـەکـە بگریابا بە سەمماعەی لـە سـەر گێـی مندالـەکـەیان دادەنـا مندالـەکە کڕدەبوو، لۆیـە لـە باوەشتی ژنـی دی مندال کڕنابی خاصەتەن حەفتەی یەکـەم، چونکی سینگی داك کـەدلّـی تیدایـە بەواستـەی سـەمعی ئینسـان جەنینـەکـە مندالـەکـە کـە لـە باوشێی دەکـا نزیکـی سینگیتی، بەواسطەی دەققاتی سینگی دایکی کە نۆ مانگ گێی لـێ بـووە لـە نـاو زگـی نەغمـەی ئـەو دەققاتانـە فـەصل دەکـا لـەگـەل دەققـاتـی ئافرەتـەکی دیکـە، ئـەوە خـەلقی خوایە، لۆیە یەکـەمین جیهـاز (ان السمع) فـەرموویتی، پاشـان کـە مندالّـە کـە زیاتر نمو دەکا حـەفتەی دووەم و سێیەم چاوی دەست دەکا بـەئیشکردن، چـاوی کـە دەست دەکـا بـە ئیشـکردن چـاوەك ضـەعیف ملـەوەن نـابینی لـە بیدایـەت، پاشـان سـەبر سـەبر جیهـازی تـەلوینیشی لە بۆ دروست دەبی خـەلایەی تـەلوینی ئیش دەکـەن ئـەو وەختـی دەتانـی صوەر لێك بکاتـەوە، بـە واسطەی گێچکـەی گوێی ئـوذنی بەواسطەی چاوی عـەینی کەبـەئیش دێخـی دەیکاتـە سەمع و بەصەر، مندالّەکە ئەو وەختی داخلی ئیطمئنانی لە بۆ دەبـی کـە لـە باوشێ داکیتی بـەبێ شیر خـواردن، ئـەمما چـونکی ئـەثـەری شـەیاطینی لـە سـەر نییـە فیطرەتـەن ئیحساس بە برسیایـەتی دەکا فیطرە دەفعی دەکا بـەواسطەی لێوە خـەفیفەکانی نازوکەکانی سینکی داکی خۆی بگری، فیطرە دەفعی دەکا بـەواسطـەی ئـەو لێـوە نازوکانـە سنگی داکی خۆی بمژی هـەر لـە سـەعاتی یەکـەم و دووەم ئـەوە هـەموو فیطرەیـە، ئـەمما

پاشان بە تەجاروب ئەو فیطرەیە دەگۆڕێ، مەثەلەن هەر مانگانی یەکەم شەش مانگی یەکەم کە منداڵ دادەنیشێ هەرچی بکەوتە بن دەستی سەحبی دەکا لە بۆ دەوی، لۆی عەن طەریقی حاسسەی سێیەم کە تەذەووقە مادده کەشف بکا بەواسطەی دەوی شت کەشف دەکا، سەبر سەبر ئائەو دەستەی کە لۆوەی رادەکشی طەبعەن ئیحساسی پێ ناکا ئەوە دەستەو سەحبی دەکا و لەبۆ دەوی دەبا، پاشان ئیحساسی دەکا دەستیشی هەیە ئەمما ئەوە مەرحەلەك موتەقەددیم و متەطەورە لە عومری.

ئیذەن حسی یەکەم یا جیهازی وەسیلەی یەکەم کە عیلاقە لەگەل خارج دروست بکا سەمعە پاشان بەصەرە، بەواسطەی فوئادی کە ئیشی کرد حس دەکا ئەوە خۆشە شیرنە ئەوە تاڵە، لۆیێ شتەکی ترش بدە دەست منداڵی چەندمانگی کە لە دەوی دادەنێ تەماشای مەلامحی دەم و چاوی بکە دیکۆری دەم و چاوی دەگۆڕێ، لۆیە لەو عومرە حەزی لە شیرنی یە چونکی بەواسطەی تەذەووق زمانی ئیحساس بە شیرناتی دەکا نازانی شیرنی چیـیە طەبعەن، ئەمما ئەو حاسەکی دیکەیە بەواسطەی فوئادی دەزانی ئەوە خۆشە سەحبی کە بیخوا ئەوە ترشە ئەوە تاڵە فڕەی دە، دەی سەبر سەبر ئائەو جیهازەی تەطەور دەکا ئەوە گەرمە ئەوە ساردە لە تەطەور دەبی بەواسطەی وەسائلی دی، ئەمما ئەصلی وەسیلە سەمع و بەصەر پاشان تەحویل دەبی لە بۆ فوئاد، فوئادە دەفعی جیهازەکانی دیکە دەکا وەکو لەمس وەکو تەذەوق، ئەوجا حەواسی دیکە سەبر سەبر تەطەوور دەبی لە بۆ حاسەی عەظەلی حاسەی شعوری داخلی (ئیستشعاری داخلی) وەکو غەرب داینابوو پێشی قەرنەك حەواس پێنجە ئیستا لە کنەوان بوویتە حەفت و هەشت، ئەمما لە قورئان حەواس زۆرە ئەو فوئادە یە سەبر سەبر وەدەکا لەئەسنای تەغییربوون ئیش کردن حەواسی ئینسان بگۆڕێ، مەثەلەن تەفەککور حاسسەکە مەربوط نییە بەذهن بەمێشك مەربووطە بەقلب، تەعەققول حاسسەکە مەربووط نییە بە ذهن بە مێشك بە خەلایەی مێشك دەماغ مەربووطە بە قەلب ( لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَعقلونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لاَّ يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لاَّ يَسْمَعُونَ بِهَا )الأعراف ١٧٩

دیقەت دەنێ ئەوانە هەمووی وەسائیلن، ئەو فوئادە کە دەست بە ئیش دەکا تەغییر دەبی ئەوەیە جیهازە داخیلیەکە لەو تەغییرە لەو تەحویلە ئەو جیهازە بە نموو دادەڕوا گەشە دەکرێ، کوو وەسیلەکانی (چاوی- گێی- زمانی- دەستی- شعوری..) سەبر سەبر تەرەققی دەکا نموو دەکا فوئادیشی ئەوها نموو دەکا تەحویل دەبی، کە گوتمان ئەصلەن فیطرە بوو تەحویل بوو لە بۆ فوئاد لە بۆ شتی دیکە سەبر سەبر تەحویل دەبی هەتا دەبتە قەلب، ئەوجا ئەو قەلبە ئەگەر هاتوو بە مەنهەجی خوای نمووی کردبوو وەسیلەکان کەللەي سەر وەکوو ڕادار لە بۆ خوا تەحریك کرابوو، ئەو وەختی ئەو قەلبە دەبتە قەلبی سەلیم دبتە قەلبی مونیب دەبتە قەلبی خاشع، ئەگەر دوونی ووی بوو دەبتە قەلبی مەریض، دوونی ووبی بوو دەبتە قەلبی قاسی، یاخود قەلبەك کەلحیجارە والعیاذباللە.

ئیذەن فوئادەکەیە لە داخل جیهازی تەغییر وەجیهازی نموو وە ئەو ذاتە تەحویل دەکا لەمەرحەلەك لە بۆ مەرحەلەکی دیکە، ئەو ئیشە مەقصود و ئیرادەی خوای لە تەغییری

داخلی ئینسانە، کەینێ ئەو داخلە لە تەطەوور دابوو دەگاتە مستەوایەك موعەییەن لەو موستەوایە ئەوجا دەتانی تەعامول بکا لەگەل هەمووو وەسەط و بیئە وفقی ئیرادەی خوای، دوونی وەی حالەتەك ئیرادەی مادده لە سەروەی (تەسفیت) دەکرێ ئیرادەی بیئە لە سەر وەی (تە سفیت) دەکرێ، ئەو دەبتە جیهازەك لەناو ئەو بیئەیە ئەو بیئەیە حەرەکەی پێ دەکا دەیهنی و دەیبا خۆی هەیمەنەی لە سەر خارجی خۆی نابی، لۆیە موحتەمەلە ذاتەك کەڕبی (صوم) جیهازی گێی هەیە ئەمما گێی لێ نابی ناکرێ بلێین ئەمە گێی نییە گێی هەیە ئەمما جیهازی گێی ئیش ناکا، زۆر کەس هەیە لە حەیاتیش دیتیتمان چاوی ئیحساس دەکەی چاوی تەمەشا دەکا ظاهرەن چ عەیبی نییە ئەمما کۆرە نابینی، ئیذەن ئەوانە ئەجهیزەنە وەسیلەنە داخیل تەحریکیان دەکا ئەگەر هاتوو فعلەن ئەوانە سەلیم بن لە ئەثنای ئیش کردن.

(ان السمع والبصر والفؤاد) دێین عیلاقەی ئەوسێ جیهازە لەگەل خارج چیـیە؟ نوقتەی دووەمە عیلاقەی سەمع و بەصەر و فوئاد لەگەل خارج چیـیە؟ گوتمان ئەو مندالە تەرەققی کرد گیشتە مستەوایەك ئاگر و ئاو لێك فەصل دەکا شیرن و تاڵ لێك فەصل دەکا تاریك و روون لێك فەصل دەکا بەواسطەی ئەو ئەجهیزانە، لەعەینی وەقت چاك و خراپیش لێك فەصل دەکا بەواسطەی فوئاد، لۆیە حالەك غەریب هەیە لە غەرب عولەمای نەفس لەغەرب مەجبوربوون ئیقراری پێ بکەن، ئەویش ذات ئینسان لەوێ لەپاش پەنجاو قسور ساڵ دەگەرێتەوە لە بۆ حالەی منداڵی و موراهقی پێشی پێی دەگوترێ (مراهقة متاخرة) ، مەثەلەن حەز دەکا جلکی ملون لەبەر بکا کراسی گەنجان لەبەر بکا قات و جلکی وەکو گەنجان بی، حەز دەکا خۆی ئەوها پیشان بدا کە فعلەن عومری لە عومری حەڤدە هەژدە سالی یە موشاکەسەی کچان دەکا، سەبەبەکەی چی یە؟ ئەوان بەتەصەووری خۆیان کەئەننەهو حالەتەکە طەبیعی خیلقی لەو ذەواتانە قابلی تیکرارە ئەو حالەتە، ئەمما بەستەزمانانە نازانن سەمع و بەصەری ئەو ذاتە لە گەل فوئادی پێکەوە تەوجیهی ئیجابی نەکرایە، سەمع و بەصەری ئیشباع بووە نمووی کردیە ئەمما فوئادی هەر گچکە مایە هەر موراهق مایە، لۆیە لە پەنجا ساڵی کە تەقاعود دەبی لەحەیات ئەو وەختی ئیحساس دەکا جارێ داخلی ئیحتیاجی بە نموو هەیە، نموو لەچ بوعدەك بکرێ؟ لە بووعدی غەرائیزی وەکو خۆمان ناویان نایە بوعدی حەیوانی، ئەمما قورئان کەتەکوینی ذات دەکا ئەو شعورە نەوعیە هابیطە قەزەمییە لە ناو داخل دروست ناکا، لۆ؟ چونکی باری تەعالا ریعایەتی وەسیلەی اتصالی سمع و بەصری کردیە ئەصلەن، لۆیێ هەرچی ئایاتی مەخلوقی هەیە لە قورئان دەفعە لەبۆ ئەو حالەتە، یەکەمین ئایەت کەعیلاقە دورست دەکا لە بەینی خالق و مەخلوق بەینی ئینسان و بەینی اللە موەجەهە لە بۆ مەخوقات، کە رادارى ئینسان سمع و بەصرەکەیە وفقی ارادەی خوای (تسلیط) بکرێ لە سەر ئەو مخلوقاتانە وفقی ارادەی خوای، کەینی ئیرادەی خوای، لە ئیرادەی خوای هاتە جێ لە صیاغەی عیلاقە بەینی چاوو گێ لەگەر ئەو مەخلوقە، ئەو فوئادە دەست بە ئیش کردن دەکا ئیجابی هەتا دەیگەینتە ئەو سەقفەی کەئیمانی تێدا تەولید دەکرێ، ئەمما کابرای دیکە لە بەر ئەوەی ئەو ئیحساسەی نییە هەر موتەعەللق

دەمینێ بە مادده، مەثەلەن قەضیەی شیرك قەضیەك قەدیمە لەزەمانی نوح مەوجودە لە زەمانی نوحەوە شیرك مەوجودە (ود و یغوث و سیواع) ، باشە لۆ ئەو ذاتە موتەعەللق بوو بەو ئەصنامانە بەو شیرکە؟!

چونکی ئەصلەن تەعەللوقەك موغناطیسیەیەك نەوعیی هەیە (بەینی فوئادی ذات لەگەر ئەو مادده مەخلوقاتانەی کە لە دەوروبەری مەوجودن، باری تەعالا ئەو مەخلوقاتانەی کردتە جسرەك وەسیلەك بەواسطەی سەمع و بەصەر) کەپاشی مادده خوای نەدیت هەر لەگەل مادەکەی دەمینێ، لە داخیلیشی شعور هەیە دەبی خوا هەبی لۆیێ حەقی خوای سەحب دەکا دەداتە ئەو ماددەیە، لۆیێ مەثەلەن موشرکیینی قورەیش ئەصنامیان دەپەرست، خۆی ئەصلەن ئەو ماددەیە مەخلوقە لۆوەی فعلەن ئەو جاذبییەتەی فوئاد کە لە داخلی مەوجودە بەواسطەی ئەو ماددەیەی نەقل ببی لە بۆ پشتی مادده کە (اللة) یە، ئەمما ئەو ئەوها دەمینێ، لۆیە مەثەلەن هەتا ئێستاش جاهیلیین مەثەلەن (نزار قبانی) نەزار قەبانی داخلی خۆی کە حوببەك نەوعی یە (یسمیە بالحب) لەگەر عەشیقەی خۆی دێ تەجسیدی دەکا تەمثلی دەکا بەمانگ، مانگی دەکاتە رەمز کابرای شاعیر هەتتا (بێ کەس) مانگی دەکاتە رەمز کەماددەیە لۆ وەی هەرچی تەعەللوقاتی داخلی هەیە صەرفی بکا تەصریفی بکا ئیخراجی بکا لە بۆ ئەو ماددەیەی، خۆی عیلمەن مەقصودیشی عەشیقەیتی، ئەمما لەبەر ئەوەی عەشیقەی لە داخیلی ئەصل نییەئەومادەیە لەداخیلی ئەصلە موغناطیسیەتی جاذبیەی بەینی فوئادی ئەو شاعیرە لەگەر ئەو ماددەیەی لە عەشیقەی خۆی بە قووەت ترە، لۆیە دێ تەمثیلی عەشیقەی دەکا بەمانگ بە رۆژ بە گوڵ کە ئەوانە هەمووی مەخلوقن، عیلمەن خۆی ذاتە لەو عەشیقە شتەکی تافهی دەوێ شتەکی هیچی لەو عەشیقەیەی دەوێ، ئەمما لەبەرئەوەی ئەصلەن فوئادەن مەربوطە بەو ماددەیە دێ بەو ماددەیە تەشبیهی دەکاو دەیشوبهێنی بەو ماددەیە تەمثیلی دەکا، لۆیە ئەو تەشبیهاتانە لەناو دەواخیلی ئەو ذەواتانە زۆرن، ئمما ئەگەر بهاتبا مولتەزم بوایە بە مەنهەجی خوای بەرێ جاذبیەتی ئەو ماددەنە لە ناو داخلی مەجود بوو لەناو فوئادی، ئەمما جاذبیتەکە ئەصلەن مەخلوقە لە بۆ وەی فیعلەن ببتە جسرەك قەطع کا ئەو مەرحەلەیە لە بۆمەرحەلەی ئەهەم مەرحەلەی مەقصود ئەویش خالقی ئەو ماددەیە بناسی، عیلاقە ئەوجا لەگەل خالقی ئەو ماددەیە دروست بکا نەك ئەو ماددەیە ئەو ماددەیە لە پێش چاوی دەبتە ماددەك تافهـ مەتروك موهمەل (ذات أهمیة) نییە، ئەمما لە بەر ئەوەی ریسالەکەی لەکن نییە فاقدی ریسالەیە عیلاقەی لەگەر ریسالەو رەسول نەبووە لۆیە جیهازەکە لەو بوعدەی بەمەقطوعی دەمینێ ، لۆیە هەتتا (مادیە الدیالیکتیة) هەر لە بابی حەواس دەمینێ لە (هیگڵەوە) هەتا ئەو (لینین) و ئەو تەجەموعاتانە مەدرەسەی یەساریەت هەمووی لە سەر ئەو بوعدەی دەمینێ، فەئیذەن کلیلی تەوجیهی سەمع - بەصەر بەدەست (اللە) یە کەینێ ذات سەمع و بەصەری تەسلیمی خوای کرد فوئادی رەبط کرد بەو سەمع و بەصەرە ئەو وەختی باری تەعالا دەبتە موەجهی، لە بۆ یەکەمین شت کە پێ مەطلوبە بیکا قرائەکەیە، ئەوجا پاشان مەراحلیی دیکە سەبر سەبر دێ یەك لەوانە (تفکر) ،

مەئەلـەن عـەن طـەریقی بەصـەر دەفـەرمـی: ( فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ إِلَى طَعَامِهِ )عبس (٢٤) یەنظور (الی ماذا؟) (الی طعامه) أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّتِي تَشْرَبُونَ (الواقعة ٨ روئیە نەظەر ( أَفَلَا يَنظُرُونَ إِلَى الْإِبِلِ كَيْفَ خُلِقَتْ )الغاشیة١٧ (أَفَرَأَيْتُم مَّا تَزرعُونَ (الواقعة ٦٣) ) (( أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ )الواقعة ٦٤) (أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّذِي تَشْرَبُونَ (أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ (الواقعة ٦٩) (الرئیە والنظر) هەمووی عەن تەریقی جیهازی عەینە، ئیذەن باری تەعالا دەفعی عەین دەکا لە بۆ ئەو مەخلوقاتانە بەروئیە و بەنەظەر، نەفسی شت دەفعی ئوذون دەکا (يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ) سورةالزمر-١٨- (وَمَا أَنتَ بِمُسْمِعٍ مَّن فِي الْقُبُورِ) سورةفاطر-٢٣- بە عەشەرات ئایاتی ئەوها لە قورئان زاخیرە.

ئیذەن ئەو هەموو مەخلوقاتانە جسرن بەواسطەی سەمع و بەصەر وەفوئاد وەسیلەنە ذات دەگاتە (اللە) ئەو مەخلوقاتانە هەمووی مەسرەحەکەن کوللەن بەواسطەی سەمع و بەصەر ئینسان دەگاتە خالقی ئەو مەخلوقاتانە، ئەو وەختی بەس فەقد ئەو وەختی عیلاقەی صەحیح بەینی ذات و بەینی (اللە) دروست دەبی، لۆیە ئەنبیاء و روسولیش بەو نەوعەی ئیمانیان هینایە ئەنبیاءو رسولیش ئەو مەنهەجەیان هینایە لە بۆ ئیمان هینان، وەئەتباعی رسولیش بەو نەوعەی ئیمانیان هینایە وە ئەوە سوننە صەحیحەکەیە دەبی ئیتیباع بکرێ لە بۆ ئیحیائی ئیمان لە داخلی ئینسان کە ماددەی یەکەمی تەغیرە، کەینێ؟ بەو وەسائیلانە بەو ماددانە کە مەسرەحەکەیە ذات تانی عیلاقە دروست بکا ئیجابی (أخذو عطاء) ئەو وەختی فیعلەن دەبتە عەبدەك موطیع. ئایات لە قورئان ئەعداد هائیل عەدەدەکی زۆر ژمارەکی زۆر لە ئایات لە قورئان هەیە لە بۆ ئەو مەوضوعە، سورەتی ئەنفال ئایەتی بیست و یەك دەفەرمی: وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ) سورةالانفال-٢١- ئەوانە فیئەکن (قال وسَمِعْنَا وَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ ، سورەتی یونس شەست و حەوت (إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ) نەك أيه آيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ لە سورەتی نحل شێست وپێنج (إِنَّ فِي ذَلِكَ لآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَسْمَعُونَ ئایات زۆرە صەراحەتەن یەك لەوانە مەقطەعەك (أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا ( نەک ئێرە (دەستی لۆ سەری برد) (فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِن تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ) (الحج ٤٦)

یاخود بە پێغەمبەر (صلی اللە علیە وسلم) دەفەرمی: سورەتی طە ئایەتی سێزدە (وَأَنَا اخْتَرْتُكَ فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى (طه ١٣)، سورەتی قاف ئایەتی چل و یەك (وَاسْتَمِعْ يَوْمَ يُنَادِ الْمُنَادِ مِن مَّكَانٍ قَرِيبٍ (دەفەرمی: ئەوە هەمووی سەمعە، ئایەت بەنسبەت موئمنین: (يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَرَسُولَهُ وَلاَ تَوَلَّوْا عَنْهُ وَأَنتُمْ تَسْمَعُونَ) سورةالانفال-٢٠- (وَلاَ تَكُونُواْ كَالَّذِينَ قَالُوا سَمِعْنَا وَهُمْ لاَ يَسْمَعُونَ ان شر الدوآب عندالله الصم البكم الذين لايعقلون) ( وَلَوْ عَلِمَ اللّهُ فِيهِمْ خَيْراً لَّأسْمَعَهُمْ وَلَوْ أَسْمَعَهُمْ لَتَوَلَّواْ وَّهُم مُّعْرِضُونَ) (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اسْتَجِيبُواْ لِلّهِ وَلِلرَّسُولِ إِذَا دَعَاكُم لِمَا يُحْيِيكُمْ وَاعْلَمُواْ أَنَّ اللّهَ يَحُولُ بَيْنَ الْمَرْءِ وَقَلْبِهِ وَأَنَّهُ إِلَيْهِ تُحْشَرُونَ )الأنفال٢٤ یاخود دەفەرمی لەجێیەکی کە: وَقَالُواْ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ) البقرة ٢٨٥ (یاخود دەفەرمی لە جیێ دیکە بەنسبەت موئمنین (رَّبَّنَا إِنَّنَا سَمِعْنَا مُنَادِياً يُنَادِي لِلإِيمَانِ أَنْ آمِنُواْ بِرَبِّكُمْ فَآمَنَّا) آل عمران١٩٣ سمعنا ئە وە سمع نە فسی شت بصر بە عەشەرات ئایاتی قورئانی لە سەر

بەصەر، لۆیە باری تەعالا لە بیدایەت رەبطی کردیە (ان السمع والبصر) پاشان (والفؤاد) ، سەمع و بەصەر ئیش دەکەن لە قەطاتی سەمعی یاخود لەقەطاتی بەصەری خەزن دەکرێ لە ذهن، فوئاد دێ لەسەر ئەو شتە ئیش دەکا فەرزی دەکا یاخود مەحقی دەکا بەتەواوی طەمسی دەکا، وەدەکا ئەو قەلبە (غولف) بیگری (ران) تووشی ببی غەلق ببی خەتمی لێ بدرێ ئیدی چی دی بە هیچ نەوعەك هەرچی ئیجابیات هەیە لە وجود ئیستعاب نەکا، یاخود دەکرێ ئەو ذاتە هەموو وەختەك بەرەنناتی (کلام الله) یان (خلق الله) تەعامول بکا ماعەدای وی گێی لێ نەبی وەچاویشی نەکەوتە سەر، (أخذو عطاء) یەکی نەوعی هەیە بەینی فوئاد وەبەینی ئیش کردنی سەمع و بەصەر، کەینێ مەشیئەی ئینسان هەیمەنەی لە سەر سەمع و بەصەری بوو وفقی ئیرادەی خوای، ئەو وەختی تەطابوقی نەوعی بەینی ئەصلی داخلی کە فوئادە ئەصلی فوئادەکە کە فیطرەکەیە وە بەینی سەمع و بەصەرەکە نەوعە تەقاروبەك دروست دەبی، چونکی ئەصلەن گوتمان فیطرە دیسکەکەیە کە ئیرادەی خوای تێدا مەوجود، ئەو تەقاروبە نەوعیە دەگاتە مستەوایەك وەکی قورئان فیت دەردەچی ئەو وەختی ئەو ذاتە دەبتە (صدیق) ، چونکی لە خارج ریسالە مەوجودە رەسول مەوجودە لە داخلیش فیطرە مەوجودە (ذهن و ارادە) ش موسەیطرن لەسەر سەمع و بەصەر، بەواسطەی ئائەو فیطرەیە کە تەنقیە کرایتەوە سەرلەنوێ نوێ بوویتەوە سەلامەت و خشوع و ئینابەی تێدا متەوەفیرە دائیمەن ئەو چاوە ئەو گێ یە وفقی ئائەو حالەتە تەحریك دەکرێ، عەکسی وەش هەر تەمامە صەحیحە ئەگەر هاتوو شەیاطین تانیان تەحەکوم کەن بە فوئادی ذات، ئەو وەختی سەمع و بەصەر وفقی ئیرادەی شەیاطین تەحریك دەکرێ ئەو وەختی بە هیچ نەوعەك ئەو ذاتە خەیر نە بەگێی نە بەچاوی حس پێ ناکا، هەردووك لە ئیرادەی خەیر دەردەچن ئەو وەختی شەیاطین دەبتە ساحێبی جیهاز وە وفقی ئیرادەی شەیاطین تەحریك دەکرێ.

مێشك عیلاقەکی وەثیق هەیە مێشك (ذهن) لە بۆ طەبع و تەحمیضی ئەفلامی صەوتی یاصوەری، لۆیە مەثەلەن ئینسانەك دەساڵ پێش ئێستا نەت دیتبی دەساڵ زەمەنی فاریق تان لە بەین بووبی کەینێ گێت لە دەنگی بوو یەکسەر رسمەکەی دێتە پێش چاوت، یاخود کەینێ رسمەکەت دیت ذکریاتت لە گەری ئەگەر خۆش ئەگەر ناخۆش ئیعادە و تیکرار دەبی ئەوە هەمووی مێشکە ذیهنە، مێشك وەکو جیهازەك خەزان خەزین مەلەففاتی تێدایە ئەوە هەمووی تێدا خەزن دەکرێ، لۆیە فوئاد شەیاطین دەتانن تەحریکی پێ بکەن لە بۆ چاك یان لە بۆ خراپ چونکی سەیطەرەش لەسەر ذهن هەیە ئەو وەختی، عامیلی خەیر کە تەنها یەك جیهەیە دەتانی سەیطەرە وتەقویە لە بۆ بوعدە خەیرەکەی بی ئەوش (تەقوایە) ، تەقواش تەمرین و مومارەسەیە تەمرین وە مەمارەسە هەتا فیعلەن ئەو داخیلە ئەو فوئادە لێی ڕادینی ئیللا تەوجیهی سەمع و بەصەرەکەی بکا لە بۆ بوعدی ئیجابی، کەینێ ئەوە قەطع بوو فوئادەکە سەمع و بەصەرەکە تەحویل دەکا لە بۆ ئەو ئیرادە شەڕانییەی کە شەیاطین دەیانەوێ، سەمع مەراحیلی هەیە لە بۆ بیستن ئیصغائی هەیە ئیستیماعیشی هەیە، ئیصغاء ئەوەیە کە حاسەی گێی توووند دەکا لۆئەوەی مەثەلەن هەستەك نەستەك ئەسپاییەك هەرشتەك

هـەبی بـە گـێـی بیبیستـی، کـابرای موقابـل قسـان دەکـا صـەوتـەکـەی واضـح نییـە کـەینێ محاوەلـەت کـرد ڤۆلێۆمی گـێـی بکاتـەوە ئـەوە ئیصغائـە، ئـەمما هـەموو شـعوری بداتـە مەوضوعەکەی بەگێ ی ئـەوە ئیستیماعە، ڤۆلیۆمی گـێـی بکاتـەوە ئـەوە ئیصغائـە هـەموو بـەدەنی بکاتـە گـێ ئـەها لـە لوغـەی عـەرەبی مـەثـەل هـەیـە دەرێ (کلـي آذان صـاغيـه) هەمووی بەدەنم گێچکەیە لۆ تو لۆ گێدانی ئەوە دەبتە ئیستیماع (فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى) سورةطه-١٣- (يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ) سـورةالزمر-١٨-هـەموو بـەدنیان بوویتـە گـێ کوللـەن ئەحاسیسیان بوویتە گێ، لۆ وەی هـەرچی ئیرادەی خوایـە ئیلتقـاطی بکا (فَاسْتَمِعْ لِمَا يُوحَى) سورةطه-١٣-. چاویش نـەفسی شت مـەراحلی هـەیـە هـەرکـە ئیشی کـر (بـەصـەر) ە بـەئیرادە تـەحریکی کـرد دەبتـە (نـەظـەر) لـە بۆ ئوموری بـەدیهی دەبتـە (رؤیـە) لـە بۆ ئوموری بـەدیهـی عـادی کـەلێی راهـات روئیـەیـە، کـە لـە بیدایـەت پێـی ئوعجوبـەبوو پێـی سـەیربوو لـەفتی نـەظـەری نـەکردبوو پێـی دەگـۆترێ نـەظـەر جـاری یـەکـەم و جـاری دووەم بووئـەوها، ئـەمما کـە چـاو ئیشـی کـرد بـەصـەرە ئـەوانـە هـەمووی فاصیلـەنـە هـەمووی لـە قورئـان هاتینـە، لۆیـە لـە ئـایاتی نـەظەر (فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ) سورةعبس-٢٤- (أَفَلَا يَنظُرُونَ إ) سورةالغاشیة-١٧- ئەمما ئەوی دیکە (أَرَأَيْتَ الَّذِي) کەلیمەی روئیە تێدا ذکر کرایە لەوێش نـەظـەر ئیبصاریش ئـەوە دیتنی بیدائیة. سورةالعلق-٩-، رەجا دەکـەین لـە باری تـەعالا ئـەو ئیرادە نـەوعییـەمان بـداتێ ئـەو مـەشیئـەیە لـەناو داخلمـان دروست ببی بتـانین جیهـازی سـەمع و بـەصـەر و فوئـادی خۆمـان وفقـی ئیرادەی خـوای تـەحریك بکـەین، وە مـەخلوقاتی خوای کە وەسیلە و جسرن بـە تـەواوی هـەرچی ئـەسماء و ئـەفعالی خوایـە تێیدا کـەشف بکـەین و تـەعـەببدی پێ بکـەین، لۆ ئـەوەی ئـەرضیـەی ئیمانی تـەقوای لـە داخلمـان دروست ببی (إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْعَلِيمُ) الشعراء-٢٢٠- (نِعْمَ الْمَوْلَى وَنِعْمَ النَّصِيرُ) . سورةالانفال-٤٠-، أقول قولی هذا وأستغفرالله لي ولكم سبحان ربك رب العزة عما يصفون والسلام على المرسلين والحمدالله رب العالمين.